بەفەرمی.. نورەدین عیسا وەك پارێزگاری حەسەکە دیاریکرا



نورەدین عیسا ئەحمەد ناسراو بە ئەبو عومەر خانیکا بەفەرمی وەك پارێزگاری حەسەکە دیاریکرا و لەمەراسیمێکی جەماوەریشدا ئێوارەی ئەمڕۆ پێشوازی لێکرا.

نورەدین عیسا ئەحمەد ئێوارەی ئەمڕۆ لە چوارچانی حەمامە لە حەسەکە بەشێوەیەکی فەرمی و لەئاستێکی جەماوەریدا پێشوازی لێکرا و وەك پارێزگار کە لەلایەن حکومەتی سوریاوە دانپێدانراوە دەستبەکاربو.

نورەدین عیسا ئەحمەد لە ساڵی 1969 لە شاری قامیشلە لەدایکبووە و خاوەنی بڕوانامەی دیپلۆمی ئەندازیاری میکانیکی و کارەبایە لە زانکۆی دیمەشق. لە ساڵی 1991 تا ساڵی 2012 وەك ئەندازیار لە بەڕێوبەرایەتی پەیوەندییەکان لە حەسەکە و قامیشلە کاری کردووە، لە دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی سوریا لە کارەکەی دورخرایەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ناڕەزایەتییەکانی دژی ڕژێمی بەعس، کە بووە هۆی گۆشەگیریی لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمەوە.

نورەدین عیسا ئەحمەد لە سەرەتای شەشی سوریاوە لە بواری سەربازی و بەرگری لە ناوچەکەدا کاریکردوە، یەکێك بوە لە دامەزرێنەرانی هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) لە ئێکتوبەری 2015 بوەتە بەرپرسی پەیوەندییە گشتییەکان، هەروەها ئەندامی فەرماندەیی گشتیی هەسەدە بوە.

ئێوارەی ئەمڕۆ هاوڵاتیانی حەسەکە بە پێشوازیکردن لە نورەدین عیسا پارێزگاری شارەکەیان کێبونەوە و پێشوازیان لێکرد.